بۆ ئەوەی وەرگێڕان نەبێتە نانێکی ژەهراوی

ئازاد عەبدولواحید

* تا ئێستا زۆر لە بارەی وەرگێڕان، وەک هونەر و زانست نووسراوە و وتراوە، باسی تیۆرەکانی کراوە، بەڵام کێشە و گرفتەکانی، وەک خۆیان بە هەڵواسراوی ماون، نەک کەمیان نەکردووە، بگرە بەرەو زیادبوونیش ڕۆیشتوون. لە هەموو دنیادا «وەرگێڕان» بە پلان جێبەجێ دەکرێ، داوودەزگاکانی کولتوور بەپێی سیاسەتی کولتووری وڵاتەکەیان، سااڵنە بەرنامە بۆ وەرگێڕان دادەنێن، کتێبە گرنگ و پێویستەکان دەستنیشان دەکرێن و باشترین زمانزان و وەرگێڕی بوارەکانی خۆیانی بۆ ڕادەسپێرن، ئاخر ناکرێ هەر کەسێک دەستی قەڵەمی گرت، بە هەوەس و میزاجی خۆی چی ویست و چۆنی حەز لێ بوو، بابەتێک، کتێبێک هەڵبژێری و بکەوێتە وێژەیان و وەریان بگێڕێ.

* سەرنجم داوە زۆر لەوانەی ڕوو دەکەنە وەرگێڕان، پێشتر نەیانتوانیوە لە هیچ بوارێکی نووسیندا ببنە نووسەری باش و جیاواز، بۆیە ئەگەر بەهۆی «خوێندنەوە – تعلیم» نیمچە زمانێک فێر بوون، یان لە کاتی مانەوەیان لە وڵاتێکدا، بە ڕووکەشی و بۆ ڕاپیکردنی کاروباری ڕۆژانەیان زمانێکیان بەکارهێنا، ئەوە بێ سڵەمینەوە قۆڵی لێ هەڵدەماڵن و خۆیان بەسەر وەرگێڕاندا ساغ دەکەنەوە، هەر ئەو جۆرە «وەرگێڕ»انەش بوێری ئەوەیان هەیە دەست بۆ وەرگێڕانی هەر جۆرە بابەتێک ببەن و وەری بگێڕن، با پاشخانە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکەشیان بایی ئەوەندە نەبێ، یان بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکەی وەری دەگێڕن لە بار و گونجاو نەبێ و زەفەری پێ نەبەن!

* ئەمڕۆ کتێبخانەی کوردی پێویستی بە وەرگێڕانی هەموو جۆرە بابەتێکە، بەڵام خۆ دەبێ ئەو بابەت و کتێبانە پێش بخرێن کە بۆ خوێنەران و کتێبخانەی کوردی گرنگ و پێویستن و کەلێنێک بۆ کۆمەڵی کوردەواری پڕ دەکەنەوە. لێرەوە دەڵێین دەبێ زۆر بە پەلە سنووردێک بۆ ئەو پاشاگەردانییەی لە کایەی وەرگێڕاندا هەیە دابنرێ. دەزگا کولتوورییە دەسەڵاتدارەکان هەوڵ بدەن هەرچی زووترە ڕێکی بخەن و لەو بارودۆخەی تێی کەوتووە قورتاری بکەن.

* زۆربەی ئەوانەی وەردەگێڕن، بێجگە لەوەی کوردییەکەیان شلۆقە، لە هەموو ژیانیشیاندا هیچیان لە بارەی وەرگێڕان نەخوێندووەتەوە، چتێکی ئەوتۆ لە بارەی یاسا و ڕێوشوێنی وەرگێڕان نازانن، بەرانبەر بەو ئەرکە گرنگە هەست بە کەمترین بەرپرسیارێتی ناکەن.

* بۆ ئەوەی وەرگێڕان نەبێتە کولێرەیەکی ژەهراوی و دەرخواردی خوێنەران بدرێ، یان ببێتە مایەی نەهێشتنی متمانەی نێوان وەرگێڕەکان و وەرگرەکان، پێویستە لە کوردستان دەزگایەکی کارا و بە دەسەڵاتی وەرگێڕان هەبێ، تا سوود لە بەهرە و توانایی و زمانزانیی ئەو کەسانە وەربگیرێ کە بە باشی هەردوو زمانەکە دەزانن، وەرگێڕە باشەکان بۆ وەرگێڕانی شاکار و کتێبە پێویستەکان تەرخان بکرێن، دەزگاکەش بە سەخاوەتەوە هەقی ماندووبوونەکەیان بداتێ، هیچ نەبێ ئەوانەی بەدوای ناندا ڕادەکەن و بە هەزار حاڵ پەراوێزێک بۆ وەرگێڕانەکانیان دەدۆزنەوە، دەبێ ژیانیان دابین بکرێ تا بەهرە و تواناییان پەرتوبڵاو نەبن و بە تەواوی خۆیان بۆ کارەکەیان تەرخان بکەن.